# مادەی ئیربل لەئینسۆکلۆپیدیای ئیسلامیدا لێکۆلینەوەیەکی شیکاری ورەخنەییە

## (بە بەراورد لەگەڵ سەرچاوە رەسەنەکان)

**م.ی. لەنجە طلعت عبید**
**زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی ئاداب- بەشی مێژوو**
**Lanja.Obaid@su.edu.krd**
**https://doi.org/10.31972/ISCHKK19.013**

**کلیلی توێژینەوە**

مادەی ئیربل.
ئینسۆکلۆپیدیای ئیسلام.
رەهەندەکانی شارستانی.
مێژووی سیاسی.
بەراوردی سەرچاوە ڕەسەنەکان.

## پوختە:

زۆرن ئەو سەرچاوەو ژێدەرانەی لەکۆن ونوێدا باسیان لەشاری ئیربل ودەوروبەری کردووە کەم وزۆر؛ ئەم شارە دێرینە پشکی بایەخدانی بەرکەوتووە.یەکێک لەو سەرچاوانەش ئینسۆکلۆپیدیای ئیسلامیە، لەمادە سەرەکیەکانی (ئیربل)ە، دیارە ئەم ئینسۆکلۆپیدیایەش لە گرنگترین وفراوانترین سەرچاوەکانی هاوچەرخە کە تایبەتە بە هەرچی پەیوەستە بە موسڵمانان لە مێژوو وجوگرافیا وکەسایەتی ولایەنە جۆراوجۆرەکانی شارستانی..هتد. کە کۆمەڵێک لە رۆژهەڵاتناسان کاری زانستیان لە ئامادەکردنیدا ئەنجامداوە بەهۆی گرنگی وبایەخەکەیەوە وەرگێردراوەتە سەر چەندین زمانی زیندوی جیهان. هەر لەم پێوەندگەیەوە ئەم بابەتە هەلبژێردراوە.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ مەبەستی خستنەرووی ئەو سەرنج وتێبینیانەی کە لەمیانەی باسکردنی مادەی ئیربل بەرچاو کەوتون، لەلایەکی تر زانیارییەکان بەراورد کراون لەگەڵ زانیاری سەرچاوە رەسەنەکان بەگشتی و هاوسەردەم بەتایبەت.

دابەشکاری توێژینەوەکە لە پێشەکییەک ودەروازەک لەگەڵ سێ تەوەرە پێکهاتووە وێرای ئەنجامەکان. لە پێشەکیەکەیدا باس لەگرنگی بابەتەکەو هۆکاری هەلبژاردنی کراوە، لەگەڵ دەروازیەک کەتیایدا سەرقەڵەمێک لە ناساندنی ئەم ئینسۆکلۆپیدیایە باسکراوە. تەوەرەی یەکەمی تایبەت کراوە بە مێژووی سیاسی و بنەچەی ناوی شارەکە، دووەمیشی تیشک خراوەتەسەر رەهەندە شارستانیەتەکانی ئەم شارە، هەرچی تەوەرەی سێیەم وکۆتاییە تایبەت کراوە بە هەڵسەنگاندنی رێبازی (میتۆد)نوسین وجۆری سەرچاوەکان وشێوازی خستنەرووی بابەتەکان لەلایەن رۆژهەڵاتناسان ونوسەرانی ئەم مادەیە لەکۆتایشدا گرنگترین ئەنجامەکانی بەخاڵ خراوەتەروو.

- ## پێشەکی:

شاری ئیربل وەک شارێکی لەمێژینەی گرنگ وڕەسەن هەمیشە شوێن وپێگەی گرنگی هەبووە، بەو پێیەی لەسەرچاوە مێژووییەکانی (کۆن، ناوەراست ونوێدا) تیشکی خراوەتەسەرو تۆماری گرنگمان لەبارەیەوە دەست دەکەوێ. لەنێو ئەم سەرچاوانەشدا (ئینسکلۆپیدیای ئیسلامییە) ناکرێ بایەخ وگرنگیەکەی نادیدەبگیرێ کە لەچەند بەرگێکیدا سەبارەت بەلایەنە مێژووییەکەی ئیربل زانیاری بەپێزی لەخۆگرتووە، لەوانەش باسی هۆزەکانی کورد وکەسایەتیەکانیان کردووە، هەروەها مادەی (ئیربل) لەبەرگی دووەمی ئەم سەرچاوەیەدا لەلایەن رۆژهەڵاتناسانەوە نووسراوە بابەتی زۆر گرنگی لەبارەی لایەنی شارستانی ئیربل وقۆناغە مێژوویەکانی لەخۆگرتووە، هەرچەندە رۆژهەڵاتناسێکی وەک (m.streck) لەم مادەیەدا سەبارەت بەم شارە تاڕادەیەک نەیتوانیوە ئەم ئامانجەی بپێکێت، بەڵام هەوڵیداوە سەرجەم پێشهات ورووداوەکان بخاتە سەر لاپەڕەکانی ئەم ئینسکلۆپیدیایە.

ئەگەرچی وەک سەرچاوەیەک زانیاری باشی تیدایە لەبارەی ئیربل، لەگەڵ ئەوەشدا بە سەرپێیانە بەسەر هەندێک لەرووداوەکاندا گوزەری کردووە، بۆیە بەپێویستی دەزانین لەمیانەی ئەم توێژینەوەیەدا دووبارە شیکردنەوەی پێویست بۆ رووداوەکان بکەین وئەو رەخنەو سەرنجە زانستیانەش بخەینەروو کەپێی گەیشتوین، بێگومان ئەمەش بە پشت بەستنمان بە بەڵگەو گەواهی سەرچاوە مێژووییە رەسەنەکان.

سەبارەت بە پێکهاتەی توێژینەوەکە لەپێشەکیەک ودەروازەک وسێ تەوەرە ئەنجامەکان پێکهاتووە، ئەگەر چی لەرووی قەبارەی تەوەرەکان هاوسەنگ نین، چونکە بەپێی زۆری وکەمی زانیاریەکان خراوەتەڕوو:

لە دەروازەکەیدا سەرقەلەمێک بۆ ناساندنی ئەم ئینسۆکلۆپیدیایە کراوە تیایدا ئاماژە بەساڵی چاپکردنی ئەم سەرچاوەیە کراوە. هەرچی تەوەرەی یەکەمە تایبەت کراوە بە مێژووی سیاسی شارەکە وبنەچەی ناوەکەی هەر وەک لەم سەرچاوەیەدا خراوەتەروو لەگەڵ کورتەیەک لەشوێنی جوگرافی ئەم شارەدا. لەتەوەرەی دووەمیشدا تیشک خراوەتەسەر ڕەهەندە شارستانیەتەکانی شارەکە بەتایبەتی لایەنەکانی ئایینی وکۆمەڵایەتی، لەلایەنی ئاینی باس لە دامەزراوە ئاینییەکان کراوە، باروذۆخی نەسرانیەکان بەتایبەتی لەسەردەمی هاتنی هێزەکانی مەغۆل باسکراوە. هەرچی لایەنی کۆمەڵایەتیەکەیەتی ئاماژە بەدیارترین بۆنەکان ودابونەریتەکانی ئەم شارە کراوە. دوا تەوەرەی توێژینەوەکە تایبەتە بەهەڵسەنگاندنی میتۆدی نوسین وتایبەتمەندیەکانی وجۆری سەرچاوەکان وشێوازی خستنەرووی بابەتەکان ومەسەلەکانی تری پەیوەیست بەو لایەنە، کە لەلایەن رۆژهەڵاتناسان ونوسەرانی ئەم مادەیە خراونەتەروو، لەکۆتایشدا گرنگترین ئەنجامەکان بە خاڵ خراوەتەروو.

## دەروازەیەک لە ناساندنی ئینسۆکلۆپیدیای ئیسلامی :

ئینسۆکلۆپیدیای ئیسلامی سەرچاوەیەکی زانستیە کۆمەڵێک توێژینەوەو گوتارو زانیاریی پەیوەست بەموسلمانان وشارستانی ئیسلام تیایدا باسکراوە بەرهەمێکە لەبەرهەمەکانی هاوکاری زانستی نێودەولەتی کە لەلایەن گەورە ڕۆژهەڵاتناسان نوسراوەتەوە. لایەنەکانی سیاسی وئاینی وجوگرافی وزانستی بەدریژایی سەردەمەکان تیایدا باسکراوە, موسڵمانان دەتوانین سود لەزانیاریەکانی وەربگرین.

لە سالێ (١٩٠٦ز) دەستکرا بەنوسینی، لەماوەی ساڵانی(١٩١٣--١٩٣٨ز ) چاپی یەکەمی دەرکرا تاگەیشتە ١٥ بەرگ، هەرچی چاپی دووەمە لە(١٩٦٩ز)چاپکراوە کە لە ١٦ بەرگ پێکهاتووە، بەهەردوو بەرگ نزیکەی ٣٩٣٠ مادەی تیایدا باسکراوە (**سەلام عەبدولکەریم،٢٠١٣**).

سەبارەت بەوەرگێرانی بۆسەر زمانی عەرەبی چاپی یەکەم لە ساڵی( ١٩٣٣ز) لەسەر دەستی بیرمەندانی میسری وەرگێردراوە ئەوانیش: ( ابراهيم زكي خورشيد, أحمد الشنتناوي، عبدالحميد يونس، محمد ثابت الفندى). لەرێگای سەنتەری شارقە بەهاوکاری دەستەی میسری بۆ کتێب وەرگێردرا تاگەیشتنە سەرەتاکانی پیتی(ع)وچاپکران ،هەرچی چاپی دووەمە ١٦ بەرگ وەرگێردراوە لە پێتی (ئەلف) تاوەکو سەرەتاکانی(خ)، هەرچی چاپی کۆتاییە ئاماژەکراوە هەندێک لەزانیارییەکان لابراون، بەتایبەتی هەندێک لەوانەی کەباسیان لە شاعیران وکەسایەتی وشوێنەوارەکان کردووە . https://www.marefa.org

**تەوەرەی یەکەم: مێژووی سیاسی شاری ئیربل:**

بەر لەباسکردنی مێژووی سیاسی ئەم شارە بەپێویست زانرا بەکورتی باس لەناو وشوێنگەی جوگرافیای ئەم شارە بکرێت کە لەلایەن نوسەری ئەم مادەیە خراوەتەڕوو بەمشێوەیە:

**<u>یەکەم: بنەچەی ناوەکە:</u>**

ڕۆژهەلاتناس شترک لەمادەی ئیربل بەچەند شێوازێکی جیاواز ناوی ئەم شارەی هێناوە وەکو: (إربل، أربلا، أربيل، أربە إيلو،..هتد ) هەریەکیان لەو ناوهێنانە بەپێی سەردەم ئاماژەی پێکراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هۆکاری ناونانی شارەکە روون نەکراوەتەوە لەدرێژەی باسکردنەکەدا زیاتر تیشک خراوەتەسەر چەند نموونەیەکی ئەم بابەتە.

لەسەردەمی یۆنانیەکاندا بە(ئیربلا) ناویان هێناوە ئاماژەیان بەرووداوەکەی ئەسکەندەری مەقدۆنی کردووە (**شترك،2،515/1969)**،بەبێ باسکردنی ڕوداوەکەو هۆکاری ناوەکەی. لەکاتێکدا ئەم ناوە بەستراوەتەوە بەیەکەم پێگەی مێژووی نێوان دواپاشای ئەخمینییەکان دارای سێیەم وئەسکەندەری مەقدۆنی ساڵی(٣٣١پ.ز)دوای سەرکەوتنی سوپای ئەسکەندەر بەسەر سوپاسی دارای سێیەم لەگۆگامیلا هەڵسان بەناوهێنانی جەنگەکە بە(اربيلا) بەو پێیەوە گۆگامیلا نزیک بووە لەئیربل لەدوای ئەم شەڕەوە ئەسکەندەر بەتەواوی دەسەڵاتی بەسەر ناوچەکەدا سەپاو وکۆتایی بەدەسەڵاتی ئەخمینییەکان هێنا**( طه باقر، 1973 ،2 /444. فهمي، 1999، 160 )**. ئەمە بوو بەیەکێك لەشەڕە بەناوبانگ وگەورەکانی مێژوو ولەزۆربەی سەرچاوەکانی ئەو سەردەمە وسەدەکانی ناوەڕاست وسەردەمی نوێدا گرنگی پێدراوە وباسکراوە، بۆ زیاتر بڕوانە:**(محمد امين علي ،2010).**

لەلایەکی ترەوە لەڕێنوسەکانی فارسیە کۆنەکاندا بە (أربيرا) هاتووە کە بە خەتی بزمارییەکان نوسراوەتەوە. هەروەها (أربيليتس- Arbelitia) (الزابين)یشی پێ وتراوە، لەلایەن خەڵکی شام بەناوی ئەسقەفی (أديابين Adibene)حديب، یاخود ئەسقەفی ئیربل یاخود حزە هاتووە**(شترك،2/ 516-٥١٧ )**.

کاتێک گەیشتونەتە سەردەمی ئیسلامی رەخنەی ئەوەیان گرتووە لەلایەن مێژوونوسان و وڵاتناس وجوگرافیاناسەکان ناوی ئەم شارەیان نەبردووە تاوەکو سەدەکانی (٩، ١٠ز) تەنها دوو لەوڵاتناسان نەبێت ناویان هێناوە ئەوانیش: ( ابن خرداذبة(ت:300ه / 913م)، قدامة بن جعفر(ت: ٣١٠ه –٩٢٢م) ) کە بە تەسوجێکی(طسوج)(١) هەرێمی حلوان هەژماریان کردووەو بە(ارض إربل) ناویان بردووە **(شترك،2/ ٥١٧)**.

بێگومان باس نەکردنی ئەم شارە لەلایەن مێژوونوس جوگرافیاناسە موسڵمانەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەم سەردەمەدا ئیربل پێگەی سیاسی بەهێزی نەبووە یاخود بێ هێزی کاروبارەکان تەنها وەکو مەڵبەندێک بووە بۆ هێزەکان لەرووی لایەنەکانی سیاسی وئایینی بۆیە باس نەکراوە، لەلایەکی تر

چەندین جار لەلایەن ئمپراتۆریەتەکان داگیرکراوە بێگومان بە درێژایی ئەو ماوەیە دوردەبن لەڕۆڵی سیاسی وگرنگی نەدان بەلایەنەکانی شارستانیەت.

**دووەم : پێگەی جوگرافی**

پێگەی جوگرافی ئەم شارە بەپێی ئەو زانیاریانە کە لەم سەرچاوەیەدا باسکراوە کە تیایدا ئاماژە بەهێلی درێژی وپانی ودووری شوێنەکەی لەشارەکان دیاریکردووە بەمشێوەیە:

دەکەوێتە نێوان هەردوو زێی(زاب) گەورەو بچووک (**القزويني، ٢٠١١ ،٢٩٠**) بەدرێژایی رێگای موسل بەغدا لەبەرزایەکانی ئیران بەیەکتر دەگەن. جوگرافیاناسان ئەم شارەیان بەیەکێک لەشارەکانی هەرێمی حلوان هەژماریان کردووە، هەر لە میانەی باسکردندا بە شارۆچکەیەکی هەرێمی جزیرە ویلایەتی موسل داندراوە (**شترك،٢/ ٥١٦**)، بەیەکێک لەشارەکانی هەرێمی چیا هەژمارکراوە(**ابوالفداء،١٨٤ ،٤١٣**) لەکاتی هاتنی تورکەکان بەشارۆچکەیەکی شارەزووریان هەژمار کردووە. شایانی باسە ئەم شارە کەوتوتە سەرهێلی پانی ٦ْ٣, ١١باکور وهێلی درێژی ٤٢, ٢رۆژهەڵات نێوانی لەگەڵ لە شاری موسڵ٨٠کم، وەبە نزیکەی ١٢ کاتژمێر لە باکوری ئالتوون کۆپریەوە دوورە. لە هەردوو رووبارەش کە بەزێیەکان ناسراوە بەیەکسانی دوورە. لەکاتی هاتنی تورکەکان بەشارۆچکەیەکی شارەزووریان هەژمار کردووە، (**شترك،٢/ ٥١٧**).

هەرچی ژمارەی دانیشتوانیەکەیەتی لە ئامارێکدا ئاماژەی پێکراوە کە لەماوەی ساڵی (١٨٩٢ز)گەیشتوتە ٣٢٦٠ کە بە نزیکەی ٤٩٧ کەسیان جولەکە بوونە، هەروەها ئاماژە کراوە ١٨٢٢ شوێنی نیشتەجێ بوونی تیایدا بووە، بەڵام لە ساڵی( ١٨٩٩ز)دانیشتوانی بەشی سەرووی ئەم شارە ٨٠٠ خانوو بووە(**شترك،٢/520**).

بێگومان ئەو زانیاریانە لەسەرچاوەکانی تر وەرگیراوەن واپێدەچێت زیاتر بۆ مەبەستی خستنەڕووی ژمارەی ناموسڵمانان بووبێت.

**سێیەم: مێژووی سیاسی ئیربل**

سەبارەت بە مێژووەکەشی هەرلەکاتی نیشتەجێ بوونی ئیمپراتوریەتەکانی ئاشوری وفارسی وساسانیەکان لەم شارەدا ئاماژەی پێ کراون، لەوانە لە سەردەمی ساسانیەکان بەبنکەیەکی گرنگی ئەم هێزەیان ناساندووە زۆربەی کات سەربەخۆیەکی تەواویان هەبوو لەدیارترنیان سەرکردەکان (قرداغ)(٢) بوو لەساڵی (٣٥٨ز) بەر لەحکومرانی ساپوری دووەم دەکوژرێت (**شترك،2/ 517**) .

بەڵام ئەم شارە مێژووێکی وا بەرچاوی نەبووە تا دەگاتە سەردەمی ئەتابەگییەکان(٣) (٥٢٢-٦٣٠ک/ ١١٢٨- ١٢٣٣ز) :

لەم سەردەمەدا ڕۆلێکی گەورەو بێ وێنەیان بەخۆیانەوە بینیووە، دامەزرێنەری ئەتابەگییەکان (زین الدين علي كوجك كوری بكتكين) لەساڵی (٥٦٣ك/١١٦٧ز) دەبێتە سەرکردەی سەربازی موسڵ لەبەناوبانگترینیان (ال-بكتكين) بوون, دواتر برای (زين الدين)(مظفرالدين گوگبري) لەماوەی ساڵانی (٥٨٦-٦٣٠ک/١١٩٠-١٢٣٣ز) حکومرانی کردووە، لەوماوەیەدا شاری ئیربل گەشانەوەی بەخۆیەوە بینیوە دوای ئەوەی لە( ٥٨٦ک/ ١١٩٠ز) دەسەڵاتی لەبراکەی بۆ ماوەتەوە ئیربل گەیشتە ئەوپەری هێزو دەسەڵات میرنشینەکانی دەوروبەریشی گرتۆتەوە، لەوانە: هەر لە زێی گەورەوە تا هەرێمی شارەزوور وداقوق، تەنانەت لەوسەردەمەدا خەڵکانی بێگانە لەم شارەدا نێشتەجێ بوونە(**شترك،٢/ 517**).

هەروەها باس لەشاڵاوەکانی مەغۆل کراوە کە لەماوەی چەندین ساڵی جیاواز هێرشیان کردۆوەتە سەرئەم شارە لەوانە:

مێژوونووسان باسیان لەوە کردووە لە (٦١٨ک/ ١٢٢٠ز) مەغۆلەکان بەرەو ئیربل هاتوونە دوای دەست بەسەرداگرتنی شاری مەراغە، لەو کاتەدا (مظفرالدین) لە ئیربل حوکمران بووە داوای لە حاکمی موسڵ (بدرالدین لؤلؤ) (٤) کردووە یارمەتی بدات توانیویانە مەترسی ئەم هێزە لەم شارەدا دووربخەنەوە **(ابن الأثیر، 1995، 12/ 376. ابن کثیر، 13،1986/ 290. ابن خلدون، 1988، 5/ 114).**

لەساڵی (٦٣٠ک/١١٣٢ز) دوای وەفاتی (مظفرالدین) کەسی لەدوای خۆی فەرمانڕەوای دانەناوە بۆیە ئەم شارە چۆوەتە ژێر سایەی فەرمانڕەوایەتی خەلیفە (المستنصر باللە)(640-656ك/ 1242-1254ز). بەڵام لەم ئینسۆکلۆپیدیایەدا ئەوە خراوەتەڕوو بۆمەبەستی ملکەچکردنی شارەکە خەلیفەی عەباسی هێزی بەکارهێناوە گەمارۆیداوە ودواتر داگیری کردووە **(شترك،٢/ 518).** بە بەراورد لەگەڵ ئەو دەقەی مێژوونوس (ابن خلدون ت: 808ە /1405م) ئاماژەی پێکردووە خەلیفەی عەباسی نوێنەری ناردۆتە ئەم شارە بۆ مەبەستی گرتنە ئەستۆی کارەکان **(275/5)**. بۆیە واپێدەچێت زانیارەکان تەنها نوسراونەتەوە بەبێ لێکدانەوە بۆ ڕووداوەکان وە بەتەنها پشت بەستراوە بەچەند زانیارەیەکی کەم.

لەلایەکی تر ماوەی ساڵانی (٦٣٣-٦٣٤ک / ١٢٣٥- ١٢٣٦ز) باس کراوە، کە ڕووبەڕووی دوو شاڵاوی تر بوونەتەوە، لەوانە: لە (٦٣٣ك/١٢٣٥ز) سوپای ئیربل بەتوندی بەرپەرچی هێرشی مەغۆلەکانی داوەتەوە ژمارەیەکیشیان لێ کوشتونە خۆگرانە لەبەرامبەر ئەو پەلامارەدا خەڵکی ئەم شارە وەستاون وداکۆکی جوامێرانەیان لەشارەکە کردووە ونەبەزیون دواتر مەغۆلەکان ڕوویان کردۆتە موسل ولەگوندی (ترجەلا) دەستیان بەکاولکاری کردووە **(ابن العبري،1992، 436)**.

هەرچی ساڵی (634ك/1236ز) گەیشتونەتە دەوروبەری ئیربل بەخراپترین شێواز هەوڵی دەستبەسەرداگرتنی ئەم شارەیان داوە. نزیکەی (٤٥)ڕۆژ گەمارۆی قەڵاکەیان داوە بەشی خوارووی ئەم شارەیان سوتاندووە **(شترك،٢/ 518)**، مەنجەنیقیان داناوە بەمە توانیان شارەکە داگیر بکەن وترس لەنێو خەڵکەکە پەیدا بکەن **(ابن کثیر،13/ ١٤٥ . ابن العماد الحنبلي، 1986، 5/ 159).**

لەنێوسەرچاوەکانی مێژوویی بیرورایی جیاواز خراوەتەڕوو، لەوانە مێژوونوس (ابن الفوطي ت: 723هـ/1322م) باسی لەوە کردووە کە خاوەنی ئیربل (بدرالدین لؤلؤ) یارمەتی مەغۆلەکانی داوە لەدەست بەسەرداگرتنی ئەم شارە **(2003، 1/ 29، 37)**،

واپێدەچێت مێژوونوسی ناوبراو کەوتبێتە هەڵە، چونکە سەرچاوەکانی تر ئاماژەیان بەو زانیارییە نەکردووە، بەڵکوخاوەنی موسل لەدوای داگیرکردنی بەغدا یارمەتی ئەم هێزەی داوە، لەمیانەی باسکردنی مادەی ئیربل پشت بەوسەرجاوەیە بەستراوەو زانیاریەکانیان خستۆتەڕوو بۆیە بەبێ وردبونەوە باسیان لەم شاڵاوە کردووە.

هەرچی سەرچاوەکانی ترە تەنها باسیان لەوە کردووە لەکاتی گەیشتنیان، ئەم هۆزە بەخراپترین شێوە سیاسەتەکەیان بەکارهێناوە دەستیان کردووە بە کاولکاری دواتر لەلایەن خەلیفەی عەباسی (المستنصرباللە) سوپای ناردووە بۆ مەبەستی یارمەتی دانی خەڵکی ئیربل**(ابن الاثیر ، 10/ 450. الیونیني، 1992،1/ 87)**. هەرچی (ابن کثیر ت:774هـ /1372م) لەکتێبەکەیدا هۆکاری کشانەوەی ئەم هێزەی بۆ ساردی وەرزی زستان گەڕاندۆتەوە **(13/ 145)**.

هەروەها لەگەڵ ئەمانەش بیرورایی ترخراوەتەڕوو، لەوانە ڕۆڵی زاناو پیاوانی ئایینی فەقیهەکان دەستیان کرد بەفتوادان بەوەی جیهادکردن ئەرکە بۆ کوشتن وەدەرنانی داگیرکاران **(الذهبي، 1996، 3/ 216)** هەموو ئەمانە هۆکار گەلێک بوون بۆ شکستی هۆزی مەغۆلەکان لەم ساڵەدا.

بەڵام لە ئینسۆکلۆپیدیای ئیسلامیدا هۆکاری کشانەوەی سوپای مەغۆلەکانیان بۆ ئەوەیان گەراندۆتەوە کە بەرامبەر بەپێدانی سەرانەیەکی زۆر هێزەکانیان کشاندۆوەتەوە **(شترک ،٢ /518).** بەبێ لێکدانەوەو شرۆڤەکردنی رووداوەکە کەچی زۆرێک لە سەرچاوەکانی مێژوویی لەسەر ئەم بابەتە دواون ئەمەش زیاتر ئەوە بەدەردەخات بەبێ هەڵێنجانی رووداوەکان ئەم مێژووەیان دارشتووە.

ئەمە نابێتە دواشاڵاو بۆ هێزی مەغۆلەکان، بەڵکو لە(٦٥٦ک/١٢٥٨ز) هۆلاکۆی سەرکردە کاتێک بەغدای داگیرکردووە یەکێک لەهێزەکانی ناردۆوەتە ئیربل، کوردەکانی ئەم شارە بەرگری بەهێزیان کردووە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون، چونکە بەیارمەتی خاوەنی موسڵ گەمارۆی قەڵای ئیربل دەدەن وداگیری دەکەن بەهۆی شکاندنی شورایی قەڵاکەو بەرامبەر بەبرێک پارە قەڵاکە رادەستی مەغۆلەکان دەکرێت. تەنانەت لەسەردەمی هۆلاکۆ وغازان(٥) ئەم شارە لەخراپترین بارودۆخدا بووە **(ابن الفوطي، 1/ 496. شترك، 2/ ٥١٨ -٥١٩).**

لە ماوەی ساڵانی (٦٨٣-٦٨٤ک/١٢٨٤-١٢٨٥ز) باسکراوە کە بارودۆخی خەڵکی ئەم شارە ئالۆز بووە لەدوای هاتنی مەغۆلەکان لەو ماوەیەدا شاری ناوبراو دووچاری نەهامەتی چەتەو رێگر بۆوەتەوە لەلایەن خەڵکانی دەوروبەر، لەوانە: بەهۆی هێرشی سوپاییک لەکورد وعەرەب وتورک پێکهاتبوو، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون لە دەستبەسەرداگرتن **(شترك، 2 /519).**

لە مێژوویی سیاسیدا تەنها ئەمانە باس نەکراوە، بەڵکو ئاماژە کراوە بەچەند هۆزێکی کوردی کە لەسەدەی (١١ز) لە دەوروبەری ئیربل حوکمران بوونە، لەوانە: هەزبانی وحەکەمی(٦) کە لە کۆتایەکانی سەدەی (٣ک/ ٩ز) کۆمەڵێک قەڵایان لەژێردەستیان بوو **(ابن الأثير، 9/ 549 . شترك، ٢/ 516، 520)**ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ بەهێزی دەسەڵاتی کوردان لەو سەردەمەدا.

هەروەها هۆزی مازنجانی(٧) لقێکی هۆزی حەمیدیەکان بوونە کەسایەتێکی بەناوبانگیان تیایدا هەلکەوتووە بەناوی (مبارز الدين كاك المازنجان) لەکۆتای نیوەی سەدەی (٨ ز) میرەکانیان حوکمرانی ئیربل بوونە **(ابن الفوطي، 4/ 326. شترك، 2/٥١٦).**

شاری ئیربل تەنها پشکی شاڵاوەکانی مەغۆلی بەرنەکەوتووە، بەڵکو فارسەکانیش بەشێک بوونە لەداگیرکاری ئەم شارەدا. لەوانە باسکراوە خەڵکەکە توانیویانە بەرگری بکەن بەرامبەر بە شاڵاوی (نادر شاە)کە لەساڵی (١٧٣٢ز) بۆ ماوەی (٦٠) رۆژ گەمارۆی داوە ودواتر بچێتە ناو شارەکە **(شترك،2/ 518 )**. بەبێ تیشک خستنە سەر کاریگەری هەڵمەتەکە بەسەر ئەم شارەدا چی بوو لەگەڵ ئەوەی دانیشتوانەکەی بە پێی توانا بەرگریان کردووە.

## تەوەرەی دووەم: رەهەندە شارستانیەتەکانی شارەکە

**<u>یەکەم: لایەنی ئاوەدانکردنەوە:</u>**

لەم لایەنەدا باس لە دیارترین شوێنەواری مێژووی ئەم شارەیە کراوە یەکێک لەوانە قەڵای ئیربلە، شێوەی خۆی پاراستووە. لەلایەن زۆربەی سەرچاوە مێژووی وولاتناسان بەوردی زانیاریەکانیان باس کردووە، بەڵام لێرەدا هەوڵی ئەوە دراوە زیاتر باس لەوە بکرێت کە لەم ئینسۆکلۆپیدیایە داهاتووە:

پێکهاتەی شاری ئیربل لە دووبەش پێکهاتووە بەشی سەروو وخواروو، بەشی سەروو بە قەڵایەک دەوردراوە لەسەر گردێکی شێوە قوچەکی بنیادنراوە، بەشەکەی تر(مظفر الدين ) بنیادی ناوە کە بە(کوینیە،کوتراک) ناوی هاتووە **(شترک، ٢ / ٥٢١)**. لێرەدا کەوتۆتە هەلە، چونکە ئەو بەشە هەبووە بەر لەهاتنی (مظفر الدين) لەو سەردەمە ئاوەدانکراوەتەوە(٨)، تەنانەت ناوەکەی بەهەڵە نوسراوەتەوەو مانای ناوەکەشی روون نەکراوەتەوەو یاخود مەبەست لەو ناوە چی یە.

دەربارەی قەلای ئەم شارە بەم شێوەیە وەسفکراوە: قەلاییێکی بەرزو پتەوە بە(٦٥) پێ خەملێندراوە، دەکەوێتە بەشی سەرووی ئەم شارە لەسەر گردێکی شێوە قوچەکی دروست کراوە، لەبەشی ناوەوەی گومەزێکی گەورەو چەند ژوورێک وژێرزەمینێکی تێدا بووە. قەڵاکە دەرِوانێتە شورایێک بەشێکی رووخاوە ئەوەی ماوەتەوە تەنها (٤٨) پێ بەرزیەکەیەتی لەگەڵ ئەمەشدا باس کراوە تاوەرێشی تیایدا بووە (**شترک،٢/ 516 ،٥٢١**)، هەر لەسەر قایمی وپتەویەکەی باس لەوەکراوە چەند جارێک دووچاری شاڵاوەکانی مەغۆل بووەتەوە، بەڵام خەڵکی شارەکە جوامێرانە توانیویانە بەرگری بەهێزی لێبکەن(**شترک،٢/ ٥١٨، ٥٢٠**).

لەلایەن گەریدەو جوگرافیاناسان جۆرێک لەیەکچوون لەنێوان هەردوو قەڵاتی ئیربل وحەلەب کراوە، بەڵام قەڵای ئیربل فراوانتر وبەرزتر ناسێندراوە(**ياقوت الحموي، 1995، 1 / 117**).

بێجگە لەمانەی خراوەنەتەروو باسی مزگەوتێکی گەورەش کراوە بەناوی ناو لەپ(الكف)، منارەیەکی جوانی هەیە وبەرزییەکەی نزیکەی ٢٠٣م دەبێت دیوارەکانی ٤٨ پێیە، واپێدەچێت (مظفرالدين) بنیادی نابێت، هۆکاری ناوەکەی گەرێندراوەتەوە بۆ ئەوەی کە بەردی تیایدایە شوێنەواری دەستی مرۆڤی بەسەرەوە دیارە. چەند مزگەوتی هاوشێوە لەعێراق وجەزیرە وفارس هەیە(**شترك، 2 /521**).

هەر لەمیانەی باسکردنی ئەم لایەنە ئاماژە بەدوو مزگەوت ودە تەکیە خانەقا (زاويا ) وشازدە قوتابخانە کراوە، یەکێک لەوانە: قوتابخانەی (المظفرية) باوکی گەورە مێژوونوس (ابن خلكان (ت: 681ه/ 1211م) تیایدا خوێندویەتی دواتریش(ربط)روبتێکی بنیادناوە(**شترك،2 /518**).

بەڵام بەبێ باسکردنی هیچ کام لەم دامەزراوانە بەبەراورد بەسەرچاوەکان بۆ نموونەی لە کاتی باسکردنی روبتەکەی ئەم شارە بەمشێوەیە باسیانکردووە:

لەسەردەمی (مظفرالدين) شاری ئیربل، رێزی زۆر لەسۆفیەکان گرتووە تەنانەت ئەگەر سەفەریشیان بکردبایە لەلایەن خاوەنی ئیربل پارەیان پێداون، بۆیە گرنگی بەدروستکردنی ئەم دامەزراوە داوە،هەموو شەوانی هەینی کۆدەبوونەوەو خواردنیان بۆ ئامادەکراوە، بێجگە لەمە رۆژانی بۆنە ئاینییەکان بەتایبەتی رۆژی لەدایک بوونی پێغەمبەر(د.خ)خەڵکێکی زۆر میوانداری وبانگەشەدەکران(**القزويني،290**).

هەر لەلایەنی ئاواکاری باس لەوە کراوە چەند کەنیسەیەکیش هەبووە لەسەردەمی ئیلخانیەکان لەساڵی (١٢٩٦ز) هەموویانیان لەناوبردووە. لەکاتی باسکردنی لایەنی ئاینی بەدرێژی لەسەر ئەم بابەتە دواوین.

<u>**دووەم: لایەنی ئابووری**</u>

شاری ئیربل ئاماژەی پێکراوە بەهۆی شوێنی جوگرافیاکەی وایکردووە بە هەرێمێکی دەوڵەمەند وبەبیت بناسرێت، خاکێکی بەپیت هەیە وبۆ کشتوکاڵی کردن وبەرهەمی دانەوێڵەی گەنم شیاوە، تەنانەت (حمدالله مستوفي) باسی لۆکەی ئەم شارەی کردووەو بە باشترین جۆری ناوهێناوە(**شترك،٢/٥٢٢**). لەکۆنەوە ئەم ناوچەیە بەبەرهەمی کشتوکاڵی ناسراوە، کە لە بنەرەتدا بۆ ئاودانی بەرهەمە کشتوکالیەکانیان پشتیان بە ئاوی باران بەستووە بە هۆی نەبوونی رووبار یاخود دەریا لەم ناوچەیەدا(**ياقوت الحموي،138/1**). هەروەها باسی بازاڕی شارەکە کراوەو بەمەڵبەندێکی چالاکی بازرگانی دانراوە (**شترك،٢/٥٢١**)..

## سێیەم: لایەنەکانی ئایینی وکۆمەڵایەتی:

أ- **لایەنی ئایینی**: پێکهاتەی دانیشتوانی ئەم شارە وایکردووە هەر لە کۆنەوە شوێنی پێکەوە ژیانی ئایینە جیاوازەکان بێت، لەڕۆژگاری فەرمانڕەوایی ئاشورییەکانەوە (٢٥٠٠-٦١٢ پ.ز) ئیربل لەوپەری پێشکەوتنی دابیووە ئەوکات پایتەختی ئایینی ئاشورییەکان وتەختی خواوەندی (ئەشتەر) پەرستگای ئاشورییەکان بووە لەسەدەی(٤پ.ز) لەو کاتەوە ( اربيلو) گرنگی ئایینی زۆری هەبووە بە بەراورد بە( دلفي ) ئاشورییە کۆنەکان**(شترک.2/ 516)**.

سەردەمانێک بنکەی گرنگی نەسرانیەکان لەو شارەدا بووە کۆمەڵێک لەو کەمایەتیانە لە ماوەی شەڕی موسڵ هاتونەتە ئیربل، شوێنی پەرستنیان نەبوو، بۆیە لە ساڵی (661ك/1262ز) داوایان لەبەتاریکەکی نەستوری مەکیخای دووەم (655--664ك/1257-1265ز) کردووە، کە بەرپرسی کەنیسەی رۆژهەڵات بوو لەشاری ئیربل نیشتەجێ بووە، کەنیسەیەکیان بۆ دروست بکات، بەڵام ئەمەی پێخۆش نەبوو، بۆیە جارێکی تر چوونەتەوە لای ماردەنحا(665-679ك/1266-1280ز) (مطران) ئیربل و(تاج الدين بن مختص) حاکمی ئیربل، ئەوە بوو ڕێگەیان پێدرا. بەم شێوەیە مەزهەبی ئەرسوودەکسی لە ئیربل بڵاو بۆوە، کە پێشتر بونیان نەبوو لەم شارەدا **(ابن العبری، 101)**.

لەساڵی (٦٦٦ک/١٢٦٨ز) یەکێک لەگەورە پیاوانی ئایینی نەسرانی (جاسليق نەستوری) بنکەکەی لەبەغدا بۆ ئیربل گواستۆتەوە، هەر لەم سەرچاوەیەشدا تیشک خراوەتە سەر لایەنی ئایینی نەساری وتەشەنەکردنی کاتێک لەهەرێمی ئەدیابین نێوان دوو زێ هەستان بە دامەزراندنی ئەسقەفەکی کریسی کە پێیان وتووە (ئەسقەفی حديب) لەسەدەی (٥ز) وە بەئیربلی بەتاریکیش ناوی هاتووە جگە لەمە ئاماژە بەدانیشتوانی ئیربل کراوە لە سەدەکانی ناوەراستدا زۆرترینیان پەیرەوانی ئایینی نەساری بوونە**(شترك،2/ 519 )**. ئەم پێوەرەش دیارە لەبەر ئەوە بووە ئەسقەفی کرستیەکان لەو شارەدا بووە.

لەسەردەمی ئیلخانیەکان لە (696ك/ 1296ز) غازانی سەرکردە فەرمانی دەرکرد بۆ ناوچەکان کەنیسەکان بڕوخێنن وپەیڕەوانی نەساری ناچاربکەن وەکو ئەهلی زیمە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، هێزەکانی مەغۆل روویان لە هەر ناوچەیەکی نەساری کردووە ئەگەر پەیڕەوانی ئەم ئایینە برە پارەیەکیان بدایە وازیان لێ هێناون. بۆیە هەر کاتێک گەیشتنە ئیربل، چەند رۆژەک لەم شارەدا ماونەتەوەو چاوەڕێی گەورە پیاوانی نەساری شارەکەیان کردووە تا پارەیان پێ بدەن و واز لەرووخانی کەنیسەکانی شار بهێنن، بەڵام خەڵکەکە یەکگرتوو نەبون لەنێو خۆیاندا، بۆیە مێژوونوسان باسیان لەوەکردووە لەو ساڵەدا مەغۆل ڕێگایان بەموسلمانانی شارەکەدا هەر سێ کەنیسەی گەورەی ناو شاری ئیربل بروخێنن. **(ابن العبري، 378. رشيدالدين فضل الله: 2000، 122-125،123)**.

هەروەها لە (٦٩٧ک/١٢٩٧ز) کوردە نەسارییەکان بۆ ماوەی چەند مانگێک ئاوارەی بەشی سەرووی ئەم شارە بوونە، لەگەڵ ئەوەشدا باس لەشکستیان کراوە کە بۆ ماوەی نزیکەی سێ رۆژ لە قەڵا ماونەتەوەو دژی کوردو عەرەب و مەغۆلەکان جەنگاوەن باس کراوە ئیربل بەناخۆشترین رۆژەکانی تێپەڕیوە ولەو کاتەوە شاری ئیربل بە نەساری نەماوەتەوە، تەنها هەندێ کلدانی لەشارۆچکەیەک نیشتەجێن بەناوی (ئینکاوە – ئانکاوە) لە ئێستادا گەرەکێکە لە نزیک ئیربل تەنها ئەو کەمایەتیەیەی تیایدا دەژین**(شترك،2/ 519-٥٢٠)**.

لێرەدا دووبارە رۆژهەڵاتناسان کەوتونەتە ژێر کاریگەری بیروڕایەکانی(ابن العبري) هەمان تێروانینەکانی مێژوونوسی ناوبراویان تۆمار کردووە، چونکە لەکاتی هاتنی سوپای مەغۆلەکان بەگشتی بارودۆخی ئەم شارە لە مەترسی دابووە نەک تەنها پەیرەوانی ئەم ئایینە، بەڵام زۆرترین باسکردن لەسەر ئەم چینە بووە لە شاری ئێربل لەلایەن رۆژهەڵاتناسان.
لەگەڵ ئەوەشدا باس لە دامەزراوەکانی ئاینی ئیسلامیش کراون، بەڵام کەمتر تیشکی خراوەتەسەر بە بەراورد بە کەنیسەکان نوسەری مادەی ئێربل تەنها باسی لەوە کردووە ئەم شارە مزگەوت و تەکیەو زاوییەی لێیە. وە یەکێک لەوانە: باسی مزگەوتی (کف) ناو لەپ کردووە بەمشێوەیە ئاماژەی پێکردووە: منارەیەکی بەرزی تیایدایەو دیوارەکانی بەرزن نزیکەی(٤٨)پێ دەبێت شوێن دەستی مرۆڤی بەسەرەوە دیارە(**شترك،2/ 521)**. بەبێ ناوهێنانی هیچ یەک لەو زانا موسڵمانانەی کە لەحوجرەی مزگەوتەکان خوێندوویانە یاخود ناو هێنانی فێرگە ئاینیەکان ئەمەش بەیەکێک لەکەموکورییە هەرە دیارەکان دادەندرێت لەم لایەنەوە.

**ب- دابو نەریت وبۆنەکان:**

لەئێربل یەکێک لە بۆنە دیارەکانی یادەی لەدایک بوونی بوونی پێغەمبەر(د.خ) کە مێژووەکەی دەگەرێتەوە بۆ سەردەمانی زووە وە، بەڵام شاری ئێربل (مظفرالدين) ئەم یادەی داهێناوە بۆنەیەکی ئاسایی نەبووە، بەڵکو تایبەتمەندی خۆی هەبووە.
یەکەم کەس بووە ئەم یادەی کردۆتەوە و ئاهەنگێکی فەرمی بووە لەماوەی (٤٤) ساڵی فەرمانڕەوایەتیدا (٥٨٦ک/٦٣٠ز) هەموو ساڵیک لەمانگی رەبیعی یەکەم ئەنجام دراوە لەلایەن مێژوونوسان قسەو باسی زۆری لەسەر کراوە **( ابن خلكان، 1971، 4/ 118. ابن عماد الحنبلي، 139/5)**. لەئینسۆکلۆپیدیای ئیسلامیدا دیارە زانیاریەکان لەیەکێک لەوسەرچاوە مێژوویانە وەرگیراوە وەکو لایەنێکی شارستانی لەمادەی ئێربل باسی لێوە کراوە خەڵک لەزۆربەی شوێنەکانی تر هاتوونەو ئاهەنگێکی گەورەیان سازکردووە ئەم یادەیان کردۆتەوە**(شترك. ٢/517 )**.

**تەوەرەی سێیەم: هەڵسەنگاند ومیتۆدی نوسینی ئینسۆکلۆپیدیایی ئیسلامی:**

هەوڵ وتێکۆشانی رۆژهەڵاتناسان لەنوسینەوەی سەرچاوەیەکی زانستی لەبارەی شارستانی ئیسلامی گرنگی زۆری هەیە، ئینسۆکلۆپیدیای ئیسلامی لەگەڵ ئەوەی لەلایەن رۆژهەڵاتناسان بەرهەمهێنراوە، بەڵام لەکاتی باسکردنی بابەتەکان نەگەراونەتەوە بۆ سەرچاوە ئیسلامیەکانن، بۆ خستنەرووی زانیاریەکان بەتایبەت ئەوانەی تایبەت بەم لایەنەوە زیاتر پشتیان بەستووە، بە سەرچاوەی بیانیەکان. لەلایەکی تر سەرپەرشتی نەکردنی زانایان ونوسەرانی موسڵمانان لە نوسینی مادە سەرەکیەکان وهەڵنەسەنگاندنی رووداوەکان ئەمانە نەبۆوەتە هۆکارێک بۆ شاردنەوەی هەڵەکان لەهەندێک تیۆرو بیروراکانیاندا لەگەڵ ئەوەشدا زۆرێک لەکتێبخانەکان ئەم سەرچاوەیەیان تیایدا بڵاوکراوەتەوە بەبێ راستکردنەوەی هەڵەکانیان.

**یەکەم: میتۆدی نوسینی :**

رۆژهەڵاتناسان لەماوەی سەدەکانی رابردوو لەچاپی دووەمیدا چەند میتۆدێکیان بەکارهێناوە کە تاوەکو گەیشتوون بەشێوازێکی نوێ وکۆمەڵێک ئەنجامیان لەلایەنە جیاوازەکان بەدەست هێناوە، دیارترینیان نوسینەوەی مێژووی شارستانی ئیسلامی لەگەڵ ئەوەی سەرچاوەیەکی زانستی گرنگە، بەڵام بەدور نیە لە هەڵەکان.

**- گرنگتری ئەو تایبەتمەندیانەی کە تیایدا بەدیاردەکەوێت:**

١. بە سێ زمان نوسراوەتەوە (ئینگلیزی وئەڵمانی وفەرەنسی) وەرگێرانیان بۆسەر زمانەکانی (عەرەبی وفارسی وتورکی) وەتەشەنە کردنی بەشێوەیەکی خێرا دانانی لە کتێبخانەکان لەگەڵ ئەوەشدا بۆوەتە دەروازەیەک بۆ تێروانین لەسەر ژیانی شارستانی ئیسلامی.

٢. لەچاپی دووەمی ئەم سەرچاوەیەدا لەکاتی ئاماژەکردنی ساڵی رووداوەکان بەساڵی کۆچی وزاینی نوسراوەتەوە بۆ خستنەرووی زانیاریەکان .

٣. بە شێوازێکی ئاسان نوسراوەتەوە تێگەشتنی ئاسانە.

**- لەگەڵ ئەم خاسیەتانە چەند کەموکوریەکیش هەیە پێویستە بخریتەروو:**

١. لەوانە دیارترینیان بەکارنەهێنانی ژمارەیەکی زۆری سەرچاوەکان بەتایبەتی ئەوانەی نزیکن لە رووداوەکان گەرانەوەی زیاتر بۆ ژێدەرە بیانیەکان.

٢. باسنەکردنی زۆربەی لایەنەکان لەوانە دەیان فێرگەو قوتابخانەو فەرمانگەی خزمەتگوزاری و چاودێری کۆمەڵایەتی لەو شارەدا کراوەتەوە، خزمەتێکی زۆری ئێربل کراوەو ئەو پەڕی ئاوەدانی وپێشکەوتنی بەخۆوە بینیوە، بەتایبەت لەرۆژگاری فەرمانرەوایەتی کردنی (مظفرالدین) شاری ئاماژەپێکراو لەچەرخی زێرینیدا بووە، دیارترین شوێنەوارەکانی ئەو سەردەم منارەی چۆلی بوو. هەرچەندە زۆرێک لەسەرچاوەکانی مێژووی و وڵاتناسان باسیان لەم لایەنە کردووە، بەڵام لەم سەرچاوەیەدا تەنها ئاماژەکراوە بەچەند دامەزراوێکی دیاریکراو.

**دووەم: <u>جۆری سەرچاوەکان :</u>**

ئەو سەرچاوانەی زیاتر بەکارهاتون لەباسکردنی مادەی (ئێربل) ژمارەیەک سەرچاوەن لەمیانەی خستنەرووی زانیەریەکان ئاماژەیان بەو سەرچاوەیەکردووە کە زانیاریەکانیان لێوە وەرگرتوە، لەوانە:
سەرچاوەی کۆن ونوێ وە لەبوارەکانی مێژووی وجوگرافی وە بەزمانەکانی عەرەبی وبیانی
سەرچاوە مێژوویەکان وەکو ئەوەی کەزۆرترینیان بەکارهاتوونە لەم سەرچاوەیەدا:
ابن العبري: مختصر تاريخ الدول، طبعة بيروت، بيجان، پاريس ،١٨٩٠م.
ابن الأثير: الكامل في التاريخ، طبعة تورنبرغ،ج7، ج12.
سەرچاوەکانی گەریدەناسان وجوگرافیاناسان:
ياقوت الحموي: معجم البلدان،طبعة فستنفلد،ج 1.
الديمشقي: نخبة الدهر في عجائب البر والبحر، طبعة فستنفلد.
سەرچاوە بیانیەکان

Pauly-Wissowa, Real-Encyk., III, 2662; Headlam, Sites in Isauria. in Soc. for the Promotion of Hellenic Studies, Supplem ,vol/ 2 p., 407

تێبینی ئەوە دەکرێت رۆژهەڵاتناس شترک <u>(m.streck)</u> لەمیانەی باسکردنی زانیاریەکان سەبارەت بە مادەی ئێربل بۆخستنەرووی زانیاریە مێژوویەکان پشتی بەستووە بە کتێبەکەی (مختصر تاريخ الدول) کە لەچەند لاپەرەیەکدا زانیارکان لەکتێبی ئاماژەپێکراو وەرگیراون لەوانە: لاپەرەکانی (٥١٨-٥١٩)، سەرباری زۆری سەرچاوەی مێژووییەکان کەباسیان لەوزانیاریانە کردووە و تەنانەت هاوسەردەمیش بوونە. وا پێدەچێت بەهۆی ئەوە بووبێت لایەنگیری نەسارییەکان بووە بۆیە هەوڵی داوە مێژووی پەیرەوانی ئەم ئایینە باس بکرێت لەکاتێکدا سەرچاوەی گەلێک هەن باسیان لەرووداو وپێشهاتەکانی ئەم سەردەمە کردووە تێبینی دەکرێت زۆرتر لایەنی سیاسی بەتاریکەکان ئاماژە

پێکردوونە ماوەیەک لەم شارەدا بوونە، دواتر تیشک خراوەتە سەر بارودۆخی ئەو کەسانی کەلەسەر ئایینی نەساری بوونە لەکاتی شاڵاوی ئیلخانیەکان لەبارودۆخێکی خراپدا بوونە وەکو لە لاپەرە(**٥١٩**) باسی لێوە کراوە.

لەگەڵ ئەوەشدا لەکاتی باسکردنی شوێنی جوگرافی پشتی بەستووە بەسەرچاوەکانی وڵاتناسان، تەنها ئاماریک نەبێت کە سەرژمێری دانیشتوانەکە کراوە بۆمەبەستی خستنەرووی زانیاری دەربارەی نا موسڵمانەکان پشت بەسەرچاوەی بیانی بەستراوە وەکو لە لاپەرە(**٥٢٠**)هاتووە.

**سێیەم: <u>شێوازی خستنەرووی بابەتەکە:</u>**

لە نوسینی مادەی ئیربل ئەوەی تێبینی دەکرێت هەر لەسەردەمی پێش زاینیەوە باس لەگرنگی وشوێنگەی ئەم شارە کراوە دواتر باس لەسەردەمی ئیسلام وگرنگی رووداوە سیاسیەکانی کراون، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە لایەنەکان جیانەکراونەتە، بۆ نموونە کاتێک باسی مێژووی سیاسی دواتر شارستانی بکرێت، بەڵکو شێوازێکی تێکەڵ بەکارهاتووە لە خستنەرووی زانیاریەکان ئەمە لەلایەک.

لەلایەکی ترەوە نەهاتوون هەموو زانیاریەکانی مێژووی پێش زایینی باسکرابێت و قۆناغی دواتر سەدەکانی ناوەراست بێت ودواتریش سەردەمی نوێ، بەڵکو ئاماژە بەناو وشوێنی شارەکە کراوە باسی هاتنی هێزی مەغۆلەکان کراوە ودووبارە گەراونەتەوە سەر باسکردنی ناو گرنگی شارەکە بەنسبەت هێزەکانی تر لەم شارەدا وەکو لەلاپەرەکانی (**٥١٨، ٥١٩**) هاتووە.

ئەمەش manای وایە بەرووکەشی بابەتەکەیان باسکردووە، بەڵکو تێرامان ووردبونەوەیان نەکردووە لەکاتی نوسینەوەی ئەم مادەیە.

- ## پەراوێزەکان:

---

1- طسوج: یەکەیەکی کارگێری بچووکە لەهەرێم (یاقوت الحموي:40/1).

2 - قرداغ: لە بنەماڵەی ئاشوریەکان بوو لەسەر ئاینی مەجوسەکان بووە دواتر کە بۆوەتە نەساری لەلایەن باوکیەوە کوژراوە تەنانەت باسکراوە بەرد بارن کراوە تاوەکو گیانی دەرچووە بۆیە بە شەهید قرداغی پیرۆز ناسراوە. بۆ زیاتر بروانە :(Joel Thomas Walker, 2006 ).

٣- ئەتابەگییەکان: لەرووی زمانەوانیەوە بەمانای بەخێوکەری میر دێت، نازناوێکە تورکە سەلجوقیەکان بەگەورە پیاوان وسەرکرەی سەربازی و دادوەرانیان وتووە.(ابن العدیم،١٩٩٦ ، 205) بۆ زیاتر بروانە: (محسن محمد حسین، 2014).

٤- مەلیک عبدالرحیم بدر الدین لؤلؤ: لە (615ک /1218ز)، دوای مردنی مەلیک قاهر کوری ئەرسەلان شاە کوری مسعود کوری مودود زەنگیە دەبێتە خاوەنی موسڵ، بەکەسێکی ئازا و شارەزا ناسێندراوە، لە (657ھ/1259م) لەتەمەنی هەشتا ساڵیدا دەمرێت دوای ئەو کورەکەی مەلیک صالح دەبێتە جێگیرەوەی. (أبو الفداء،3/ 198. ابن الوردي، 1996م، 2/ 195. ابن العماد الحنبلي ، 7/ 500).

٥- بۆزیاتر بڕوانە: (رشیدالدین فضل الله الهمذاني،2000، 2).

٦- بۆ زیاتر زانیاری لەسەر ئەم هۆزە بروانە: (أحمد عبدالعزیزمحمود،2006).

٧- بۆ زیاتر بروانە: (زرار صدیق توفیق،2007).

٨- بۆ زیاتر زانیاری لەسەر ئەم لایەنە بڕوانە:( امید ابراهیم جوزلي ،2019)

- ## <u>ئەنجامەکان:</u>

لەئەنجامی ئەم تویژینەوەیەدا گەیشتونەتە چەند خاڵێک لەوانە:

1 .ئینسۆکلۆپیدیای ئیسلام سەرچاوەیەکی سەردەمییە کەتیایدا باس لەرووداو وپێشهاتە سیاسیەکان کراوە هەر لەکۆنەوە تا مێژووی نوێ.

٢ . توانراوە بە ئاسانی زانیارییەکان بخرێتەروو مەبەست لێرەدا سەرقەڵەمێک لەمێژووی چەندین ساڵەی ئەم شارە دێرینە بۆ چەند لاپەرەیەک کورتکراوەتەوە.

٣ . لەئینسۆکلۆپیدیای ئیسلامدا لەخستنەرووی زانیاریەکان بەپێی ڕێکخستنی پیتەکانی ئەلف وبێی ئەبجەدی خستۆتیانەروو، بەڵام لەخستنەرووی زانیاریەکان لەسەر مادەی ئیربل ئەم ڕێکخستنە نەکراوە.

٤. روکەشی زانیاریەکان وکەم کوریەکانی وزۆربەی کات بەشێوەیەکی وردو تێروتەسەلی مافی زانیاریەکان نەدراوە.

٥. پشت بەستنی بەسەرچاوەکان زۆر کەم ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر کەمی زانیاریەکان وپشت ڕاستنەکردنەوەی تەواوی ڕاستی ودروستی زانیاریەکان.

٦. بۆ باسکردنی لایەنی مێژووی ئەم شارە زیاتر پشت بەستووە تەنها بە کتێبەکەی مێژوونوس (ابن العبري)، لایەنگیری زۆر بەدید ونوسینی رۆژهەڵاتناسەکان ئەوە نیشان دەدا لە کاتێکدا زۆر مێژوونوسی نزیکتر وزانیاری باشتر هەبووە ئەوان خۆیان لێی بەدور گرتووە.

- **<u>سەرچاوەو ژێدەرەکان:</u>**

**<u>سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:</u>**


1- ابن الاثير، أبو الحسن علي بن أبي الكرم محمد بن عبد الكريم (ت630هـ /1232م)، 1415هـ: الكامل في التاريخ، تحقيق: عبد الله القاضي، بيروت، دار الكتب العلمية.

2- ابن تغري بردي، جمال الدين أبو المحاسن يوسف بن تغري بردي الظاهري (ت 874هـ/ 1469م)، النجوم الزاهرة في ملوك مصر والقاهرة، وزارة الثقافة والإرشاد القومي، مصر، دار الكتب.

3- ابن خلدون, ولي الدين أبو زيد عبد الرحمن بن محمد بن محمد الحضرمي الإشبيلي (ت808هـ /1405م)، 1408 هـ /1988م: تاريخ ابن خلدون المسمى (ديوان المبتدأ والخبر في تاريخ العرب والبربر ومن عاصرهم من ذوي الشأن الأكبر)، تحقيق: خليل شحادة، بيروت، دار الفكر.

4- رشيدالدين فضل الله همداني, فضل الله بن عماد الدولة ابي الخير بن موفق الدولة (ت7018 ھ /1318م)، 2000م: جامع التواريخ، نقله الى العربية، محمد صادق نشأت واخرون، تحقيق: يحيى الخشاب، وزارة الثقافة والارشاد القومي، القاهرة، مطبعة عيسى البابي الحلبي.

5- ابن العماد الحنبلي، عبدالحي بن أحمد بن محمد ابن العماد العَكري(ت 1089هـ/1678م)، 1406 هـ - 1986م: شذرات الذهب في أخبار من ذهب، تحقق: محمود الأرناؤوط ، بيروت، دار ابن كثير.

6- الذهبي، شمس الدين أبو عبد الله محمد بن أحمد بن عثمان بن قَايْماز (ت 748هـ/ 1347م)، 1996م:العبر في خبر من غبر، تحقيق: أبو هاجر محمد السعيد بن بسيوني زغلول، بيروت.، دار الكتب العلمية

7- ابن العبري، أبو الفرج يوحنا بن هارون بن توما الملطي، (ت 685هـ/ 1286م)، 1992 م: تاريخ مختصر الدول، تحقيق: أنطون صالحاني اليسوعي، بيروت، دار الشرق.

8- ابن العديم، كمال الدين عمر بن احمد بن هبةالله بن ابي جرادة العقيلي،(ت 660ه)، 1999م: زبدة الحلب في تاريخ حلب، وضع حواشيه: خليل المنصور، بيروت ، دار الكتب العلمية.

9- ابو الفداء، الملك المؤيد عماد الدين إسماعيل بن علي بن محمود بن محمد ابن عمر بن شاهنشاه بن أيوب(ت732هـ /1331م): 1840م، تقويم البدان ، اعتنى بتصحيحه وطبعه: البارون ماك كوكين ديسلان، باريس، دار الطباعة السلطانية.
- المختصر في أخبار البشر، المطبعة الحسينية، مصر.
10- ابن الفوطي، كمال الدين أبي الفضل عبد الرزاق بن أحمد الشيباني البغدادي(ت 723هـ/1322م)، 1424هـ - 2003م: الحوادث الجامعة والتجارب النافعة في المائة السابعة، تحقيق: مهدي النجم، بيروت ، دار الكتب العلمية.
11- القزويني، ابوعبدالله زكريا بن محمد بن محمود (ت 682/ 1283م)،٢٠١١ : اثار البلاد وأخبار العباد، ط2، بيروت، دار صادر.
12- ابن كثير، أبو الفداء إسماعيل بن عمر بن كثير القرشي البصري (ت774هـ /1372م)، 1408، هـ/ 1988م: البداية والنهاية، تحقيق: علي شيري، القاهرة ، دار إحياء التراث العربي.
13- ابن الوردي، عمر بن مظفر بن عمر بن محمد ابن أبي الفوارس الكندي (ت:749هـ /1348م)، 1417هـ - 1996م: تاريخ ابن الوردي، لبنان ، دار الكتب العلمية.
14- اليونيني، قطب الدين أبو الفتح موسى بن محمد (726هـ /1222م)، 1992م: ذيل مرآة الزمان، تحقيق: وزارة التحقيقات الحكمية والأمور الثقافية للحكومة الهندية، القاهرة ، دار الكتاب الإسلامي.
15- ياقوت الحموي، شهاب الدين أبو عبد الله ياقوت بن عبد الله الرومي (ت 626هـ/1228م)، 1995م : معجم البلدان، بيروت ، دار صادر.
16- احمد عبدالعزيزمحمود،2006م: الامارة الهذبانية الكردية، اربيل ، مكتبة التفسسير.
17- اميد ابراهيم جوزةلي،2019م: تاريخ الترك والتركمان في اربل- اربيل، اربيل، مكتبة التفسير.
18- زرار صديق توفيق،2007م: القبائل والزعامات القبلية الكردية في العصر الوسيط، مطبعة ئاراس،اربيل.
19- طه باقر،1973م: مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة، بغداد.
20- فهمي محمود،1999م: تاريخ اليونان, مطبعة غد،د.م.
21- محسن محمد حسين،2014م: اربيل في العهد الأتابكي، اربيل ، مكتبة التفسسير.

**بە زمانی کوردی:**

١-سەلام عەبدولکەریم،٢٠١٣ز: لە بارەی رۆژهەڵاتناسییەوە، سلێمانی.
2- محەمەد ئەمین عەلی عەبدوڵڵا ،2010ز: شەڕی گۆگامێلا ئەربیلا، توێژینەوەیەکی مێژووییە لەهۆکار ودەرەنجامەکانی، سلێمانی.

**بەزمانی ئینگلیزی:**

1 - Joel Thomas Walker,2006 : The Legend of Mar Qardagh , ( University of California Press.

www.marefa.org

# Abstract

The ancient and modern sources and references, which mentioned the city of(Erbil) and its suburbs, and it seems that this ancient city has received great interest in historical sources and references and was one of the sources and references that dealt with Erbil was the Encyclopedia of Islam, This subject is considered as one of the most important modern references in terms of the capacity of its specialized information on the history of Muslims, the Islamic geography of the country, historical figures and various aspects of the civilization.

A group of orientalists work scientifically for its preparation, and because of its importance, it was translated into many living languages. Based on this, this topic was chosen.

Therefore, the main objective of this research is to show and present those observations and comments that have been seen through the study of Erbil. Moreover, it aims at comparing the information received in the Department of Encyclopedia of Islam with information sources inherent in general and contemporary in particular.

The prelude contains the nature of the subject and how to deal with the science of the group in addition to the plan of how to deal with the prelude and three questions of the beginning and follow the conclusion.

The preface gives a historical profile of the definition Encyclopedia of Islam.The second section focuses on the cultural aspects of the city, while the third and final chapters deals with the study and evaluation of the methodological evaluation in writing, the quality of the sources and the presentation of the article placements by orientalists and writers. The conclusion presented a summary of the most important and a significant finding of the research from historical findings through the researcher's dealing with historical texts.